www.kurdistannet.org
16-9-2005 23:15 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەوالیک دەرباری ئاگر تیبەردانی ژوری پەرتوک خانەکەی مالی ریبوار سیوەیلی

به پی ی لیدوانی مامۆستا ریبوار سیوەیلی بۆ دەزگاكانی راگەیاندن ئیمرۆ بەیانی كاتژمیر پینجی بەیانی كەسیك لەریگای خانویكی چۆلی تەنیشت مالی ریبوار سیوەیلی لە گەرەكی راپەرین چۆتە ژوری سەرەوەی مەلەكەیان وئاگری لە پەرتوك خانەكەی بەرداوە.
بەپی ی لیدوانی ریبوار سیوەیلی بۆ دەزگاكانی راگەیاندن دەسەلات و ئەنجومەنی پاریزگای هەولیرو وەزارەتی رۆشەنبیری بەوە تاوانبار كرد كە ئەوان دژی لیدوانەكەی رۆژنامەی میدیا بونەتەوە ئەوەش وای كردوە ئەو كاردانەوەی لیبكەویتەوە لەلایەكی تر ریبوار سیوەیلی گوتی ئەوە جاری یەكەم نیە لە هەولیر روبەروی ئەو كارەساتە دەبمەوە جاریكی تریش كومپیوتەریكم لی دزراوە ریبوار سیوەیلی ئەو كارەی بە تیرۆر وەسف كرد.
هەروەها ریبوار سیوەیلی ئامازەی بە راپۆرتی پۆلیس كرد كەوا دەركەوتەوە ئەو كەسەی ئەو كارە ئەنجام داوە شوین پی ی لە شوینی راپۆرتەكە دەركەوتوەو لیكۆلینەوەش بەردەوامە. . . . . . . . . رزگار كۆجەر. . . . هەولیر